

# زانا خەلیل

## گەڕان

لەناو نەگەڕاندا بەدوای گەڕاندا دەگەڕێم.
لەناو گەڕاندا دەمەوێ نەگەڕان بدۆزمەوەو
لەناو ونبووندا داخوازم دۆزینەوە بدۆزمەوەو
لەناو دۆزینەوەدا بەدوای بزربووندا دەگەڕێم.

لەناو گەڕان و بزربوون و نەگەڕان و دۆزینەوەدا
تەنیا بەدوای تۆدا دەگەڕێم.
ناکرێ تۆیش بێیت لەناوەمندا
بەدوای خۆتدا بگەڕێیی؟

## گەمەکانی ژێرەوە

هەردەم لەبنەوەی پێکەنیندا گریانێکی لاڵ هەیەو بزە دەکا.
هەردەم لەبنەوەی گریاندا پێکەنینێکی بێدەنگ هەیەو بزە دەکا.
هەمیشە لەبنەوەی ڕەشبینی
تیشکی گەشبینییێکی درەوشاوە هەیەو بزە دەکا.
هەمیشە لەبنەوەی گەشبینی
تیشکی ڕەشبینییێکی تاریک هەیەو بزە دەکا.
هەمیشە لەناخەوە ژیانێك هەیە گاڵتە بەمردن دەکا.
بەڵام بۆ هەمیشەیی لەناخەوە
مردنێك هەیە گاڵتە بەژیان دەکا.

## گومانێکم بەناوە

پردێکی ڕەش هەیە لەگومانەوە دەمگەیەنێتە گومان.
پردێکی سوور هەیە لەگومانەوە دەمگەڕێنێتەوە بۆ گومان.
پردێکی خۆڵەمێشی هەیە ئاسمانی لەگومانەو
پردێکی بێکەنار هەیە ژێرەوەی دەریایێکە لەگومان.
کەوابێ من لەخاڵێکدا چەقبەستم بەناوی گومان
یان گومانێکی چەقبەست هەیە بەناوی من.

## ڕەنگی زمانەکان

زمانی ڕەشی ڕەشپێستێك
ڕەشیەتی زمانی ڕەشپێستێك دەلێسێتەوە.
زمانی ڕەشی ڕەشپێستێك
سپیەتی زمانی سپیپێستێك دەلێسێتەوە.
زمانی سپی سپیپێستێك
سپیەتی زمانی سپیپێستێك دەلێسێتەوە.
زمانی سپی سپیپێستێك
ڕەشیەتی زمانی ڕەشپێستێك دەلێسێتەوە.

نۆرەی زمانی من دێ
ڕێگا دەدەی زمانی ئەسمەری تۆ بلێسێتەوە؟